# حەز، عشق، هاوسەرگیری

**کۆچەر رزگار**

سەرەتای ئەم نوسینەمان بەو پرسیارە دەست پێدەکەین، کە ئایا ئێمە بەجیاوازی تەمەنو رەگەزەوە لەتوانامانـدا هەیە خۆشەویستی بکەینو جۆری ئەو خۆشەویستیە دیاری بکەین. لێرەدا ناتوانین خودی خۆشەویستی لەچوارچێوەیەکی دیاریکراودا لەقاڵب بدەین. چونکە بەقەد جیاوازیو دنیابینی مرۆڤەکان جۆرو فۆرمی خۆشەویستیمان هەیە، بەمانایەکی تر، هێندەی جیاوازی مرۆڤەکان، شێوەکانی خۆشەویستیش جیاوازن، دیارە ئەمەش بەو مانایە نیە کە ئێمە نەتوانین خودی خۆشەویستیو ئەو بنەمایانەی کە خۆشەویستیان لەسەر بونیاد نراوە، جیانەکەینەوە، جگە لەبنەماکانی سۆزو وەفاو جوانیو راستگۆی رێزگرتنو پەیوەندییەکی دوو لایەنە کە ئەو دوو مرۆڤە تێیدا سەربەخۆن، ئالودەبونێکی رۆحیو عەقڵی ئەو دوو مرۆڤە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، کە بەبڕوای ئێمە پەیوەندیە جەستەییەکان دەکەونە ترۆپکی ئالودەبونی رۆحەوە، بەمانایەکی تر لەدوای گەورەبوونی پەیوەندی رۆحیو عەقڵی، دوای ئەوەی کە بەپرۆسەیەکی وردی پەیوەندیو هاوکاریو زەمەنێکی درێژدا تێدەپەڕێت، خۆبەخۆ پەیوەندیە جەستەیەکان دێنە پێشەوە، واتە پەیوەندییە جەستەیەکان لەترۆپکی باڵابوونی رۆحەوە سەرچاوە دەگرن.

لەناو ئەم جۆرە، لەپەیوەندیدا فێر دەبین، فێری خۆشەویستی، لێبوردن، سەبرو یەکدی قبوڵ کردن دەبین، لەناو ئەم جۆرە لەپەیوەندیدا مرۆڤەکان لەکاتی دیدارو ژوانەکاندا رووبەڕووی حاڵەتی دڵەڕاوکێو لۆمەکردنی خودو ترس نابنەوە، کام ترس، ترس لەبینینو قسەڵۆکی دەوروپشتو کۆمەڵگا، بەپێچەوانەوە لەناو ئەم پەیوەندیەدا، مرۆڤەکان تابۆکان دەبەزێننو جۆرێك لەکاراکتەر دروست دەبێت، کە کاراکتەرێکی ئازادو سەربەخۆیە، کارێکتەرێکە کە ئامانجێکی هەیە کە خودی خۆشەویستیە، بەپێی ئەقڵو تێڕوانینو ئیرادەی خۆی بڕیاری لێدەدات چی بکاتو چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو ئامانجەدا بکات کە خۆشەویستیە، دیارە خودی پرۆسەی خۆشەویستی بەتەنیاو بەبێ هاوکاری بەرامبەر فەراهەم نابێت، کەواتە بۆ ئەوەی خۆشەویستی بمێنێت لەڕێی دوو کارێکتەرەوە هەوڵی بۆ دەدرێت، کەواتە بۆ ئەوەی دوو مرۆڤ لەنێو پێشهاتەکانی بووندا کە مەبەستمان شوێنی جوگرافی ئەو دوو مرۆڤەیە لەگەڵ کۆمەڵگا، بوونی خۆیان وەك ئەوەی خۆیان دەیانەوێت بنەخشێنن، یەکتریان خۆش دەوێت، هۆکاری سەرەکی ئەم یەکدی خۆشویستنەش خۆشەویستی خۆیەتی. کەواتە خۆشەویستی ئەو بەها مەعنەویەیە کە دوو مرۆڤ بەیەکەوە دەبەستێتەوەو لەهەمان کاتیشدا بەردەوامی دەداتێ، کەواتە بۆ بەردەوامی دان بەو بەردەوامیە، ئەو دوو مرۆڤە دەبێت لەهەوڵی گەورەکردنو نۆژەنکردنەوەی ئەو بەها مەعنەویەدابن، کە خۆشەویستیە، لێرەدا بەڕای ئێمە ئامانج لەخۆشەویستی گەیشتن بەرامبەر نیە، بەقەد ئەوەی گەورەکردنو زیاترو زیاتر بارگاوی کردنی خۆشەویستیە بە جوانیو ئیرۆتیکا لەپێناو بەردەوام بوونی ژیان بەمانا پڕ لەجوانو فەزیلەتەکەی لەنێوان مرۆڤەکاندا لەناو بوندا.

هەر لەم سۆنگەیەوە سوقرات ئەو جۆرە لەخۆشەویستی بەحەرام نازانێت، کاتێك کە تێیدا مرۆڤەکان فێر دەبن، گەرچی ئەو خۆشەویستیە پەیوەندی جەستەیشی تێ بکەوێت، کەواتە لێرەوە دەگەینە ئەو راستیەی خۆشەویستی هونەری فێربوونە.

گەر لێرەوە کەمێك ووردتر بینو ئاوڕێك لەکۆمەڵگاو گەنجانی کۆمەڵگای خۆمان بدەینەوەو هەڵوەستەیەك لەسەر ئەو پەیوەندیان بکەین کە لەنێوان گەنجەکاندا دروست دەبێت، بەتایبەت ئەو کوڕو کچانەی کە تەمەنیان لەخوار ٢٠ ساڵەوەیە. گەرچی یاسا لەسەروو ١٨ ساڵەوە مرۆڤەکان بەبێ جیاوازی رەگەزی بەمرۆڤێکی ئاقڵ (راشد) دادەنێت، بەڵام ئێمە لێرەدا بۆ گەنجانی کۆمەڵگای خۆمان ٢٠ ساڵ تاڕادەیەك تەمەنی کامڵ یان راشد بوون بەگونجاو دەزانین.

کەواتە دەکرێت بڵێین، بەشی زۆری ئەو پەیوەندیانە کە لەخوار تەمەنی (٢٠) ساڵەوە لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵی ئێمەدا دروست دەبن، دەچنە ناو پەیوەندی حەزلێکردنەوە نەك خۆشەویستی، ناشکرێت ئەوەمان لەیاد بچێت کە خۆشەویستی تەنها پەیوەست نیە بەتەمەنەوە، بەڵکو دەرگیرە لەگەڵ وشیاریو ئەزموونو دونیابینی ئەو کەسەی کە دەچێتە ناو ئەو پەیوەندیەوە.

پەیوەندی حەزلێکردن، پەیوەستە لەگەڵ دڵو جەستە، بەتایبەت جستەو غەریزەکانی سێکس، لەناو ئەم پەیوەندیەدا کەسی بەرامبەر ئامانجە نەك خۆشەویستی، بەمانایەکی تر، ئێمە حەزلێکردن دەکەین بۆ ئەوەی بەبەرامبەر بگەین، کاتێکیش بەبەرامبەر دەگەین، کە زیاتر مەبەستمان جەستەی بەرامبەرە، لێرەدا ئێمە دەگەینە کۆتایی ئەوەی کە هەوڵمان بۆ دا، لێرەا ئەوەی پێی دەوترێت جوانی، رۆح گەورەبوون، پەیوەندیو هاوکاری دوو مرۆڤی ئازادو خاوەن ئیرادە، هونەری فێربوون، کۆتایی دێت لەکاتێکدا لەناو پرۆسەی خۆشەویستیدا دوای بەیەکگەیشتنیش گەرچی ئەم بەیەکگەیشتنە پرۆسەی هاوسەرگیری بێت، ئەم بەهایانە دەپارێزرێنو بەردەوام نۆژەن دەکرێنەوە لەفۆرمی نوێدا.



هەربۆیە حاڵەتێکی نامۆ نیە کاتێك کە لەزۆر کەسەوە گوێبیستی ئەو قسەیە دەبین، کە دەڵێن "سەرەتاکەی هەنگوین بوو، بەڵام کۆتاییەکەی ژەهر بوو"، چونکە لەناو مرۆڤەکانی ئێمەدا لەسەر ئاستێکی بەرز پەیوەندی حەزلێکردن بەڕێوە دەچێت نەك خۆشەویستی.

لێرەوە گەر بچینە سەر بابەتێك کە لەرۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە (٣٢٧) رۆژی ٤ شەممە ٢٠٠٧/٥/٢٣ لەژێر ناونیشانی "کچێك لە خۆشەویستیدا شاگەشکە دەبێت"دا بڵاوکراوەتەوە.

ئێمە دەمانەوێت لەڕێی ئەم بابەتەوە هەم بەرگری لەخۆشەویستیو هەم لەو خانمە بکەینو چەند سەرنجێك بخەینە سەر پرۆسەی هاوسەرگیری کە ئەمڕۆ چۆن بووەتە خولیای سەرەکی کچانمان.

دەمەوێت لەڕێی ئەو پێشەکیەوە کە نوسیومانە، ئەوە بخەمە ڕوو کە حاڵەتی ئەو خانمە خۆشەویستی نەبوە، بەڵکو حەزلێکردنێك بوە، دوای یەکجار بینینو کەمێك گفتوگۆ حەز لەیەك دەکەنو دەرئەنجام بنەماڵەی کوڕەکە دەنێرن بۆ داخوازی کچەکە.

بەڕای ئێمە دەبوو خاتوو ئەژین غەدری لە خۆشەویستی نەکردایەو ئەو تایتڵەی بۆ بابەتەکەتە دانەنایە، بەڵکو دەبوایە ئەو خانمە بەم شێوەیە تایتڵی ئەو بابەتەی دابنایە. "کچێك لەخۆشی چوونە ناو پرۆسەی هاوسەرگیریەوە شاگەشکە دەبێت"، چونکە کاتێك تایتڵی ئەو بابەتەم خوێندەوە، خۆم ئامادەکرد بۆ خوێندنەوە بابەتێك کە گوزارشت لە چیرۆکێکی کورتی بەسەرهاتەکانی ژیانی عاشقێك بکات. بەڵام ئەوەی کە خوێندمەوە پەیوەندی بەعەشقو خۆشەویستیەوە نەبوو، بۆیە بە خوێندنەوەی ئەو بابەتە زیاترو زیاتر لەداهاتووی کچانی کۆمەڵگاکەم بێ هیوا بووم، لەو رووەوەی کە بۆچی دەبێت کچانمان کە هێشتا قۆناغی ناوەندی یان دواناوەندیان تەواونەکردووە، تاکە خولیاو ئامانجیان هاوسەرگیریو چوونە ناو پرۆسەی هاوسەرگیری بێت.

بۆ دەبێت ئێمە کچ بوونو جوانیەکانی ژیان تەنها لەشووکردندا بدۆزینەوە؟

بۆ دەبێت بۆ چەسپاندنی پایەی کۆمەڵایەتی خۆمانو بونمان لەناو بووندا تەنها لەتەنیشت پیاوێکەوە بەدەست بهێنین؟ بۆ دەبێت وا سەیری پیاو بکەین کە ئەو سڵو ستانداری باڵایە لەژیانداو خۆشمان بەبەشو ساختەو ناستاندار ئەژمار بکەین، بۆ دەبێت وا وێنای خۆمان بکەین، کە ئێمە زۆرینو لەهەمان کایشدا بچوکین؟ بۆ دەبێت بەکردەوە بەرەگەزی بەرامبەر بڵێین ئێوە نادرنو خاوەنی ئاوەزو فەزیلەتنو سەرەڕای ئەوەی ژیانی خۆتان رێکخستووە چەرخی ئەم دونیایە بەپێی ئەقڵو بڕیارەکانی ئێوە دەگەڕێ، ئەوە ئێوەن لەتواناتاندایە، شوناسی کۆمەڵایەتی بدەنە ئێمەی ژنو وەکو سێبەر لەپەناتانەوە بیحەوێنەوە.

ئەم جۆرە لە دونیابینیە بوەتە بەشێکی گەورە لەتێڕوانینو دونیابینی کچانمان، ئەمەش وایکردووە کە ژمارەیەکی زۆر لەو کچانە بچنە ناو پرۆسەی هاوسەرگیریەوە. دیارە ئێمە گرفتمان لەگەڵ خودی پرۆسەکەدا نیە وەکو فۆرمێك بۆ رێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتیانەی مرۆڤەکان، بەڵکو ئێمە گرفتمان لەو فۆرمەیە لەهاوسەرگیری کە لەکۆمەڵگای ئێمەدا بەڕێوە دەچێت. لێرەدا نامانەوێت بەدرێژیو قوڵی لێی بدوێین، هەروەها گرفتمان لەگەڵ تەمەنو دونیابینی خانمەکاندایە، گەر چاوێکیش بەئامارەکانی جیابوونەوەدا بخشێنن لەدادگاکاندا، گەر لەئامارەکانی هاوسەرگیری زیاتر نەبن کەمتر نین. دیسانەوە گەر خودی جیابوونەوە مافێکی یاساییو شەرعی مرۆڤەکان بێت، بەڵام لەکۆمەڵگای ئێمەدا ئەم پرۆسەیە گەلێك گرفتی کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، لێرەوە ئێمە پێمان وایە، لەغیابی هاوڕێو هاوڕێیەتیدایە، هاوسەرو هاوسەرگیری دەبێتە خولیای کچانمان لەو تەمەنو قۆناغەدا.

---

# هیچ کات ئەم جۆرە بێحورمەتیەم بەشەقامی شارەکەمەوە نەدیوە!!.

**روناک**

ماوەیەکە لەکۆڕو کۆبونەوەی هاوڕێو ناسیاوەکانمدا، گوێبیستی بێزارییان دەبم لەشەقامی شارەکەم، بەتایبەت لەسەعات ١ نیوەڕۆ تا سەعات ٤ ئێوارە لەدوایی رۆژئاوا بوون، بەو شێوەیەی دەیانگێڕایەوە بۆم هەزم نەدەکرا، تا لەم ئێوارانەدا پێویستیەك ناچاری کردم بچمە دەرەوە، کۆڵانەکەی خۆمانم بەجێهێشت، هەستێکی سەیر وایکرد ئاوربدەمەوە، کورێکی گەنج لەدوامەوە دەڕۆشت، بچوکی تەمەنی گومانەکانی لا ڕەواندمەوە تا گەیشتە تەنیشتمو وشیەکی زۆر ناشرینی دا بە گوێمدا. بچوکی تەمەنی گەنجەکەو وتنی وشەکە، گەنج وپەروەردە و زۆر شتی واتورەی کردم، بە جۆرێك هەڵشاخام بەرویدا، گەنجەکە رایکردوو دوانی دی لەسەری کۆڵانە کەبوون بەدوایدا هەڵهاتن، هەوڵمدا لەزوترین کاتدا کۆلانەکە جێ بهێڵمو بگەمە شەقامەکە، نەم زانی شەقامی شارەکەم وێرانە، بەدرێژایی ئەو شەقامە لایتی سەیارەم بۆ لێدراو هۆرنو رۆشتنی خاوی سەیارە، ئەم دیمەنە بۆمن زۆر قورس بوو، بۆیە بەپەلەو بێ ئەنجامدانی کارەکەم گەڕامەوە، لەوکاتەوە بەراوردی شەقامی شار لەسالانی سەردەمە جیاجیاکانی داگگیرکاری بەگشتی سەردەمی رژێمی بەعس بەتایبەتی کە هەمیشە شەقام شوێنی گفتوگۆیی جدیو بیروراگۆڕینەوە تەنانەت کۆبونەوەی چەند گەنجێك لەشەقامەکان جێگە مەترسی دوژمن بوو، ئەوکاتە کە دوژمن لەهەموو لایەکەوە وەك گورگ بەربوبوە جەستەی میللەتەکەم من ئەم بێحورمەتیەم بەژنان نەدیوە.

ئەوەی پرسیارە ئایا سالانی هەشتاکان گەنجەکان غەریزەیان نەبوو، کامڵ وبە تەمەنەکان بەهەمان شێوە، یان چ شتێك بوو وایکردبوو ئەوانی نێرینە بەجیاوازی تەمەن وتێروانینەکانیانەوە ئەخلاقیاتی خۆیان بۆگرنگ بێت، چ ئەنگێزەیەك رۆڵی هەبوە لەوەی لەوساتانەدا کۆنترۆڵی خۆیان بکەن، هاوکات پارێزگاری مێینەکانی شارەکەیان بن، ئایا دەتوانین بەتەنها مەسەلەی گۆرانکاری وجیهانگیری وراگەیاندن بەهۆکاری ئەم دۆخەی ئەمرۆ بزانین، خۆمان بەرپرسیار نەکەین؟ خەتاکان بخەینە دەرەوەی خۆمان وقەدەرو نیسبو بەختو ...هتد، ئەوانە بەرپرس کەین، نا ئەوە خۆمانین بەرپرسی یەکەمین لەوەی کە شەقامەکان، ببنە تۆری راوکردنی مێینەکان، گەنجێك دەبینێت باوکی وبرا گەورەکەی لە بەرامبەر لەدایکوخوشکیدا چۆنەو، چۆن دەوەستنەوە بەروویی عەشقو خۆشەویستیانو خۆشیان دەچنە دەرەوە دەیان کردەی نائەخلاقی دەکەنو تەنانەت زمانێکی بەرەڵا لەقسەکردندا قسەدەکەنو گەنجی ئێمە کاتێك دەبینێت نمونە بالاکەی ئەو لەباوکیەوە تابراگەورەکەی تا بەرپرسانی حکومەتەکەی واروخاوە، بەشێکی زۆر لەژیانیان درۆ، خۆپەرستی یە، ئەو چۆن وانابێت.

هەرلێرەشەوە دەڵێیت تۆبڵێی بەرپرسانی ئێمە کاتێك هەرەشە لەدەوڵتانی دراوسێ دەکەن، پشت بەستوو بەم گەنجانە دەیکەن، یان بەو باوکانە یان بەو بەرپرسە سیاسی و ئیداریانەی کە کردەکانیان دەبینین.